# ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو بەشداری لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاین دەکات

دووشەممەی رابردوو (٢/١٥) مامۆستا (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بەشداری کرد لە ئاهەنگی کردنەوەی پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و، تیایدا بەڕێز ئەمینداری گشتی بروسکەی پیرۆزبایی ئەم هەنگاوەی لێکردن و هیوای بەردەوامی و پێشکەوتنی لە خوای پەروەردگار بۆ خواستن، ئاهەنگەکە بە قورئانی پیرۆز و خوێندنەوەی سورەتی فاتحە بۆ گیانی شەهیدانی زانا و قوربانیانی دەستی تیرۆر دەستی پێ کرد. ئینجا مامۆستا مەلا محەمەدی ئاکرێ وتاری بەخێرهاتنی خوێندەوە و هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەی خواست. ئینجا بەڕێز (مسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتارێکی خوێندەوە و تیایدا وێڕای دەستخۆشی لەم هەنگاوی یەکگرتنەوە و هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکە ئاماژەی بۆ چەندین بابەتی سیاسی ناو هەرێم و عێراق کرد.. پاشان هەریەك لە (ئەحمەد بەرزنجی) بە نوێنەرایەتی سەرۆك کۆمار و (کامیل حاجی عەلی) بە نوێنەرایەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم وتاریان پێشکەش کرد.. پاشان بە شیعرێکی (مامۆستا فائیز) کۆتایی هات بە ئاهەنگەکە.. بڕیارە لە کۆبوونەوەکانی تردا لە ماوەی دوو ڕۆژدا کۆنگرەی یەکگرتنەوە ئەنجام بدرێ..

# ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەگەڵ ئەندامانی لقەکانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیاندا کۆدەبێتەوە

شەممەی رابردوو مامۆستا (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کودستان) و دکتۆر (محەمەد ئەحمەد - سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق) لە هۆڵی گەشەپێدان لە شاری سلێمانی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی لقەکانی ڕێکخراوی گەشەپێدان کۆبوویەوە. هەر لە میانەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز ئەمینداری گشتی یەکگرتوو تیشکی خستە سەر ئەدای کاری قوتابیان و لاوان لە ئێستادا و هانی قوتابیانیشی دا کە کاری جیدیتر بکەن لەپێناو باشترکردن و ڕۆڵ بینینی زیاتریان و بەشداری کردنی جدیانەیان لە هەڵبژاردنەکاندا. لە کۆتایی وتەکانیشیدا داوای لێکردن کە هاوکاربن لەگەڵ برایان و خوشکانیان لە سەرخستنی کار و پرۆژە و ئامانجەکانی یەکگرتوو، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەیشدا وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە و دواتر دکتۆر (محەمەد ئەحمەد) باسی لەو هۆکارانە کرد کە دەتوانرێت قوتابیان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و هاوکارێکی باشی سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی یەکگرتوبن و ڕێگەنەدەن کەسانی ناهۆشیار کار بۆ تێکدانی ئەو ڕەوشەی ئێستای کوردستان بەرن.

# وتەبێژی لیستی (٣١٥): جیاکەرەوەی هەرێمی کوردستان بوونی ئەمن و ئاسایشە، ئەگەر ئەوەیش نەبێت چی هەیە شانازی پێوە بکرێت!

لە بارەی ڕووداوی تەقەکردن لە بارەگای لقی خورماڵی یەکگرتوو و، بەرپرسیارێتی دەزگاکانی ئاسایش لە پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان لەو حاڵەتانەدا، بەڕێز (سەلاحەدین بابەکر - ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی لیستی ٣١٥ ی یەکگرتوو) بە سایتی یەکگرتووی ڕاگەیاند: دابینکردنی ئەمن و ئاسایش لە هەرێمدا لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم و یەکە ئیداریەکاندایە لە پارێزگا و شار و شارۆچکەکاندا، ئەوەی لە خورماڵ ڕوویدا چەندە دژی بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و لیستی (٣١٥)یە، ئەوەندەش دژی حکومەتی هەرێم و یەکەی ئیداری خورماڵە، چونکە ئەم جۆرە کارانە دەبنە مایەی تێکدانی ئەمن و ئاسایش لە هەرێمدا و.. ئەوەیشی وت: ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا جیاکەرەوەی سەرەکیمان لەگەڵ بەشەکەی تری عێراقدا بوونی ئەمن و ئاسایشە، خوانەخواستە ئەمەش نەمێنێ یان لاواز بێت ئیتر چی دەمێنێ جیامان بکاتەوە و شانازی پێوە بکەین؟! لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین لە حکومەتی هەرێمی و یەکە ئیدارییەکان لە سەرجەم شار و شارۆچکەکاندا بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و نەهێڵن لەلایەن کەسانی تێکدەرەوە کەشوهەوای هەڵمەتی هەڵبژاردن تێك بچێت..

# مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بەشداری کردنەوەی پێشانگای کتێبی ئێرانی کرد

لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر وەفدێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان (د. هادی عەلی) بەرپرسی مەکتەبی سیاسی و (عومەر ئیسماعیل) ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان بەشداریان کرد لە کردنەوەی پێشانگای کتێبی کە لەلایەن کونسوڵگەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کرابوویەوە. سەرەتا کردنەوەی پێشانگاکە بە کۆنفرانسێك دەستی پێکرد و دەستکرا بە خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز و، پاشان وتەی راوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری و وتەی پارێزگاری هەولێر و دواتریش وتەی کونسوڵگەری کۆماری ئیسلامی ئێران. لە پاشانیش ئامادەبووان لە هۆڵی کتێبخانەکان هەستان بە کردنەوەی پێشانگاکە و گەڕانێك بەناو کتێبەکاندا.

## بۆ ئیدانەکردنی لێدوانەکەی (بەها ئەعرەجی) سەبارەت بە سوکایەتی کردن بە کەسایەتی (ئەبوبەکر سیدیق) ڕەزای خوای لێبێت

# بەیاننامەیەك لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووەوە

لەدوای ئەوەی ئەندامێکی پەرلەمانی لەسەر (لیستی سەدری) قسەی ناشرینی بەرامبەر کەسایەتی بەرزی ئیسلام و یەکەم خەلیفەی ئیسلام پێشەوا (ئەبوبەکری سدیق) ڕەزای خوای لێ بێت، وتی: مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەتووندی ئیدانەی ئەو جۆرە سوکایەتیکردنە کرد و داواشی لە ڕەوتی سەدر کرد لێکۆڵینەوە بکات لەو جۆرە لێدوانە سنووربەزاندنانە و چیتریش ڕێگە نەدات لێدوانی لەم شێوەیە بدرێت. لە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاندا هاتووە: بەناوی خوای گەورە و میهربان بەداخێکی زۆرەوە ئاژانسەکانی هەواڵ هەواڵێکیان بڵاوکردەوە، کە دەبێتە هۆی تێکدانی یەکڕیزی ئومەتی ئیسلام و لە کاتێکیشدایە کە لە رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری سەردار ع نزیك دەبینەوە. لە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاندا هاتووە کە لێدوانەکەی (بەها ئەعرەجی) کە سوکایەتی کردنە بە کەسایەتی خەلیفەی یەکەمی موسڵمانەکان پێشەوا (ئەبوبەکری سدیق) پێشەنگی هاوەڵانی پێغەمبەر ع، ئێمە سەیرمان پێدێت کە ئەو لێدوانە لە زاری کەسێکی وەك (بەها ئەعرەجی) دەرچووە، کە کەسێکی یاسایی و سەرکردەیەکی ڕەوتی ئیسلامی سەدرە، بۆیە بەتووندی ئەو جۆرە لێدوانانە ئیدانە دەکەین، لە کاتێکدا کە ئومەتی ئیسلام پێویستی بە یەکڕیزی و بەرژەوەندی گشتی هەیە و پێویستە ئەو گرێ مێژووییانە وەلاوە بنرێن کە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی و مەزهەبگەری، ئەمە لە کاتێکدا دوای چەند ڕۆژێکی تر هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەست پێدەکات. لە بەشێکی تری بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا هاتووە، کە پێویستە لەسەر مەرجەعە ئاینییەکان و ڕەوتی سەدر لێپێچینەوە لە هەموو ئەو سنوور بەزاندنانە بکەن کە دەبێتە هۆی تێکدانی یەك یزی و داواش لە ئەنجوومەنی نوێنەران کراوە کە لێپێچینەوە بکات لە لێدوانی ئەندامێکی پەرلەمان کە سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئومەتی ئیسلام بکات، کە لەدوای پێغەمبەری سەردار ع گەورەترین کەسە. بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو جۆرە لێدوانانە جگە لەوەی کە خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان ناکات، دیارییەکی بەنرخیشە بۆ دووژمنانی ئیسلام و موسڵمانان و شیعەو سوونە. بەهیوای مامەڵەیەکی تەندروست لەراست هەموو لایەکەوە.

مەکتەبی سیاسی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٢٠١٠/٢/١٥

# لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو وێڕای دەستخۆشی، داوا لە هەڵسوڕاوانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکات پابەندی یاساکانی کۆمسیۆن بن

لە راگەیەنراوێکدا لیژنەی باڵای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی یەکگرتوو وێڕای دەستخۆشی لە خوشك و برایانی ئەندام و هەڵسوڕێنەرانی بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان کە لە یەکەمین ساتەوە بە گەرموگوڕی دەستبەکار بوون و داوایان لێدەکات کە بەردەوام بن و نەبنە هۆی ئەزیەتی هاووڵاتیان و پابەندی ڕێساکانی کۆمسیۆنی باڵا بن. لە خوارەوە دەقی راگەیەنراوەکە هاتووە:

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. راگەیەنراوێك لە لیژنەی باڵای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە، بەناوی لیژنەی باڵاوە سوپاس و دەستخۆشی خۆمان ئاراستەی گشت ئەندامان و هەڵسوڕێنەرانی بانگەشەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە سەرجەم پارێزگاکان و مەڵبەندەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکەین، کە هەر لە یەکەمین ساتەکانی دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەوپەڕی گەرموگوڕی و گیانی بەرپرسیارێتییەوە دەست بەکاربوون و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا هەڵمەتەکەتان دەست پێکرد، بەشێوەیەك کە جێگای سەرنج و بایەخی جەماوەری گەلەکەمانە. بە مەبەستی بەردەوامبوون لەسەر شێوازی مەدەنیانەی هەڵمەتەکەتان سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕادەکێشین:

١ - داواتان لێدەکەین کە هەر بە هەمان لێبڕان و گەرموگوڕییەوە درێژە بە هەڵمەتەکەتان بدەن بەبێ ئەوەی ببنە هۆی ئەزیەتدان و دروستکردنی بێزاری بۆ هاوڵاتیانی خۆشەویست.

٢ - لەکاتی بانگەشە و بڵاوکردنەوە و هەڵواسینی پۆستەر و لافیتەکاندا زیاتر ڕەچاوی یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵا و ئەنجوومەنی شارەوانیەکان بکەن.

٣ - هەر بەو شێوازە ئیسلامییە شارستانیانەی کە پێی ناسراون درێژە بە کار و چالاکیەکانتان بدەن و نەبنە هۆی دروستکردنی فشار و پێشێلکاری لەسەر لایەنەکانی تر.

٤ - هەروەها داوا لە سەرجەم پاڵێوراوە بەڕێزەکانی لیستەکەمان لیستی (٣١٥) دەکەین کە لە بانگەشەکردنیاندا ڕەچاوی ڕێساکانی ڕەفتاری هەڵبژاردن بکەن.

هەر سەرکەوتووبن لەپێناو چەسپاندنی مافەکان و ئایندەیەکی گەشتردا..

لیژنەی باڵای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
لیستی (٣١٥)
٢٠١٠/٢/١٥

## بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو:

# ئێمەبووین سەرەتایەکی نوێمان بۆ ئیسلامیی میانەڕەو و واقیعی، دوور لە توندووتیژی و زیادەڕەوی دروست کرد

لە دیمانەیەکی سایتی یەکگرتوو (بەشیر محەمەد) بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو، راشکاوانە وەڵامی چەند پرسیارێك لەبارەی چەند پرسێکی گرنگی تایبەت بە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەداتەوە..

سەرەتا لەبارەی خزمەتکردنی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەروەها پێشەنگی و داهێنانی یەکگرتوو بۆ چەمکی میانەڕە و لە کوردستاندا کە پێشتر بوونی حیزب بەبێ چەك و میلیشیا لە کوردستاندا بە ئیسلامی و عیلمانیشەوە وجودی نەبوو بەڕێزیان وتی: یەکگرتوو لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە کاتێکدا خۆی راگەیاند کە حیزبی ئیسلامی قاچاخ کرابوو، ئیسلامیبوون بووبوو بە تۆمەت، ئێمە بووین هەیبەت و شەوکەتمان گەڕاندەوە بۆ ناوی ئیسلام و حیزبی ئیسلامیشمان کردە زەروورەتی قۆناغ. ئێمە بووین سەرەتایەکی نوێمان بۆ ئیسلامی میانەڕەوو ئیسلامێکی واقیعی، دوور لە توندووتیژی و زیادەڕەوی دروست کرد و، میانەڕەویمان کردە سیمای ئیسلامخوازانی کوردستان.

لەبارەی ڕچەشکاندنی یەکگرتوو بۆ تاکڕەوی و تاك لیستی و ڕاگەیاندنی بوونی گەندەڵی (بەشیر محەمەد) وتی: ئێمە بووین گۆمی مەنگی تاکڕەوی و تاکە لیستی و تاك بڕیاریمان وەلاوەنا و هەڵبژاردنمان کردە مەیدانی راستەقینەی خەباتی شارستانیانەی کوردستان. ئێمەبووین: بۆ یەکەمجار زاراوەی دژە گەندەڵیمان خستە سەر زمانی گەورە و بچوك و دژایەتی گەندەڵیمان راگەیاند و لەو پێناوەشدا باجی گەورە و خوێنیشماندا.

هەر لەو ڕووانگەیەوە بوو کە چاودێرێکی سیاسی و پسپۆڕێکی نێودەوڵەتی، ئەو کاتە پێی وتین (دەبوو کەس و لایەنێکی بەهێز لە دەرەوەی دەسەڵات ئەو گۆمە مەنگە نادیموکراسیانەی بشڵەقاندایە و بەرگەشی بگرتایە، لە کوردستاندا جگە لە یەکگرتوو هێزێکی تری بەهێزی تیانەبوو کە ئەو ئیشەی بکردایە).

# لە بەیاننامەیەکدا مەڵبەندی پێنجی یەکگرتوو ئیدانەی تەقەکردن لە لقی خورماڵ دەکات

پاش ئەوەی چەند کەسێکی نەناسراو لەناو ئوتۆمبێلێکی مازداوە تەقە لە بارەگای لقی خورماڵی یەکگرتوو دەکەن و چەند فیشەکێك بەر بارەگاکە دەکەوێت، لەو بارەیەوە مەڵبەندی پێنجی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا کە دانەیەکی ڕەوانەی سایتی یەکگرتوو کراوە ئیدانەی ئەو کارە دەکات، لە بەیاننامەکەدا هاتووە "لە سەروبەندی سەرەتای بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و کاتژمێر (٧:١٥)ی شەوی (١٤ـ ٢٠١٠/٢/١٥) چەند کەسێکی نەناسراوی گێرەشێوێن و نەفس نزم، کە چاویان بە دیموکراسی و مەدەنییەت هەڵنایەت و تەنها لە شەودا و شەمشەمەکوێرە ئاسا دەکەونە گەشت و گەڕان و کارە نائینسانی و ناشیرینەکانیان ئەنجام دەدەن" بەیاننامەکە ئەو هەوڵە بە ترسنۆك و نەزۆك دەزانێت و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەش دەخاتە ئەستۆی هێزەکانی ناوخۆ و، وەك حیزبیش ڕێگەی یاسایی دەگرنەبەر. ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە: بە بۆنەی تەقەکردن لە بارەگای لقی خورماڵی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، مەڵبەندی پێنجی یەکگرتوو بەیاننامەیەکی نارەزایی و ئیدانەکردن بڵاو دەکاتەوە. بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە. لە سەروبەندی سەرەتای بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و کاتژمێر (٧:١٥)ی شەوی (١٤ـ ٢٠١٠/٢/١٥) چەند کەسێکی نەناسراوی گێرە شێوێن و نەفس نزم، کە چاویان بە دیموکراسی و مەدەنییەت هەڵنایەت و تەنها لە شەودا و شەمشەمەکوێرە ئاسا دەکەونە گەشت و گەڕان و کارە نائینسانی و ناشیرینەکانیان ئەنجام دەدەن، بە سەیارەیەکی جۆری (مازدا)ی سوور، هەڵیان کوتایە سەر بارەگای لقی خورماڵی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و تەقەیان لێکرد. ئێمە وێڕای بەتوندی ئیدانەکردنی ئەو کردەوە ترسنۆکانە و گێرەشێوێنانە، بە هەوڵێکی نەزۆك و لاوازی دەزانین و نەك هیچ لە سەنگ و قورسایی یەکگرتوو کەم ناکاتەوە و لە ڕەوتی میانەڕەوانە و چاکسازانەی خۆی لاینادات، بەڵکو بە ڕۆح و نەفەسێکی گەرمەوە بەردەوام دەبێت لە خەباتی میانەڕەوانەی خۆی. ئەم کارە گێرەشێوێنانە هەر کەسێك پێی هەستابێت و بە هەر مەبەستێك بوبێت، ئەوا یەکەی ئیداری و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بەرپرسیارن لە پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە و دۆزینەوە و ناساندن و دادگاییکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە ناشیرین و نادیموکراسییە و پێویستە ڕێگە بگرن لەو جۆرە کارانە و نەهێڵن پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان کە پرۆسەیەکی دیموکراسی و مەدەنییە لەکەدار و ناشیرین بکرێت و سومعەی هەرێمەکەمان بشێوێنرێ و ڕووی جوانی خەڵك و نیشتمانەکەمان بە هەندێ کاری دزێو و نەشیاو ناشیرین بکرێت. هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)وە تا ئێستا ئەوە چەندەمین جارە کە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن ئەنجام دەدات، بەڵام جێی داخ و ئەسەفە کە هێشا نەتوانراوە لەگەڵ ئەم پرۆسە دیموکراسی و مەدەنییەدا دەست و پەنجە نەرم بکات. ئێمە لای خۆمانەوە سەرجەم ئەندام و دۆستان و جەماوەری خۆشەویست و هەموو لایەك ئاگادار دەکەینەوە کە ڕێگەی یاسایی و پەنابردنە بەر دادگا دەگرینەبەر و داواکارین کە یەکەی ئیداری و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بەزوویی ئەنجامدەرانی ئەو کردەوەیە بدۆزنەوە و بدرێنە دادگا، چونکە دۆزینەوە و دادگاییکردنی ئەو جۆرە تاوانبارانە ڕێگر دەبێت لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە کارە ناشیرین و دزێوانە.

مەڵبەندی پێنجی یەکگرتووی
ئیسلامیی کوردستان
(٢٠١٠/٢/١٥)

# دوای بردنەوەی کێشەکەی، بۆ شوێنێکی دوور گوازرایەوە

عیرفان ئەحمەد هەڵەبجەی شەهید

دوای ئەوەی مامۆستایەکی قوتابخانەی گۆرانی بنەڕەتی کەیسێك لە سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی هەڵەبجەی شەهید دەباتەوە، بۆ شوێنێکی دوور نەقڵ دەکرێت.

(یەحیا نەوزەر عەلی) مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەی گۆرانی بنەڕەتی لە هەڵەبجەی شەهید وەك خۆی دەڵێت: "بۆ گواستنەوە سەردانی سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی دەکات لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید قسەی نابەجێی پێدەوترێت و ئەمیش لە وەڵامدا (٢٠٠٩/١٠/٤) سکاڵای یاسایی لەسەر ئاماژە بۆکراو تۆمار دەکات، لە بەرواری (٢٠١٠/١/٣) دادگا ئاماژە بۆکراو سزادەدات بەپێی مادەی (٤٣٤)ی سزادانی عێراقی بە بڕی (٧٥٠)" ناوبراو لە درێژەی پەیامەکەیدا بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و وەزیری پەروەردەو سەرجەم مرۆڤدۆستان دەڵێت "لە بری سزادانی بەرپرس بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی لەناو شارەوە گواستومیەتەوە بۆ گوندێکی دوور، بۆیە راستەوخۆ سکاڵام دەگەیەنمە لای جەنابتان تاوەکو کاری یاساییم بۆبکەن و ئەو ستەمەم لەسەر لابدرێت" بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەیامەکە و ڕای ئاماژە بۆکراو یەکگرتوو پەیوەندی کرد بە سەرپەرشتی یەکەمی پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید ئەو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە منیش سکاڵام لەسەر تۆمار کردوە.